




## نوکتەی سەفەری

* کوڕێک چوو بۆ داخوازی کچێک، باوکی کچەکە داوای دەملیۆنی دەکرد، کوڕەکەش ووتی: بۆ کاکە چی بووە؟ من دانەیەک شک ئەبەم زۆر هەرزانترو جوانتریشە، سکیشی هەیە!

## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

ڕووداو: شوقەکانی ئەندازیاران ئاو دەدزن.
گەپ: دارودیواریش فێری گەندەڵی بوو!
ڕوماڵ: کورد وەزارەتی دەرەوە چی لێ دەکات؟
گەپ: موئامەرەکانی ناوەوەی پێ ئەگرێ!
باس: بڕیار وایە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما هەڵبوەشێتەوە.
گەپ: بۆچیمانە هەموومان سەتەلایتمان هەیە!
باسک: گەندەڵی دارایی ( کڵاو لەسەر نان )
گەپ: بۆ زستان گەرم و گورە.
زاری کرمانجی: دەرمانێک پیاوی خیانەتکار ئاشکرا دەکات.
گەپ: بە قوربانتان بم ئەو دەرمانە نەهێنن بەم وڵاتەدا.
ئاوێنە: مەلای ژن یان CD
گەپ: ئەوەیان کە بە کارەبا ئیش ناکات

گوڵان: کچان چۆن خۆیان بۆ ڕۆژی بووکێنی ئامادە دەکەن؟
گەپ: ١٢ سەعات لە حەمام ئەبەنە سەر!
ڤین: کارەبا زۆر هەرزانە، بۆیە نرخی زیاد دەکەین!
گەپ: ئەمە بۆیە زوو زوو دەیکوژێننەوە هەتا بەنازتری بکەن!؟
چەتر: لە کەرکوک ڕۆژی نەورۆز بە ( عید الشجرة ) دەناسێنرێت.
گەپ: ئەوە کەرکوک نییە ( التاميم ) ە.
نم نم: پەرلەمانتارانی پێشوو بەدوای چیدا وێڵن؟
گەپ: توجارەتێکی موربیح!
ڕووبەر: دیاردەی دزی کردن لە بەشە ناوخۆییەکاندا تەشەنە دەکات.
گەپ: بۆ گەندەڵی دوارۆژ باشە!

میدیا: فشاری ئابووری تەڵاقی پێش مارەکردنی لێدەکەوێتەوە.
گەپ: وەڵا نەمزانیوە لە وڵاتی ئێمە ژنی پێش مارەکردن هەیە !
ئاسۆ: حەیف لەبیرمان چوو.
گەپ: لەوانەشە لێمان کەوتبێت!
هەواڵ: دەعبای پیاوو پیاوی دەعبا.
گەپ: مەرج نییە ژن رقی لە هەردووکیان بێت.
چاودێر: ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئایدز لە ئارادایە.
گەپ: بەپارەی بەرەنگاربوونەوە وەک ئەنفلۆنزا مەجموعەیەکی تر قەڵەو دەکات!
دەستوور: قیرەی خوێنکار لە زانکۆ نابڕێت.
گەپ: کەواتە بەقیرەی قەلەرەش و قیرەی خوێندکار زانکۆ ئەشکەوت ئەبنە دوو دەوام!

## ژووری ئینعاش




## هەواڵی ماتۆڕی

سایەقی ماتۆڕەکەمان فەردەیەک ئیسپانەو چەکوش و پیلایس و مشارو تەرتیباتی لەگەڵ خۆی بارکردبوو، ئێمەش وتمان بەرەو کوێ ئۆغر دەکەی؟ وتی بەرەو سلێمانی، وتمان ئەی ئەم وەسائیلانەت بۆچییە؟ وتی لە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و فول مواسەفاتی شاری سلێمانی ژنێکی بەستەزمان پێنج سەعاتی ڕێکە لەناو W.C دەرگای لەسەر داخراوە، برادەرانی کارمەندو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش دڵیان نایە دەرگاکە بشکێنن، ئێستا من دەڕۆم دەیشکێنم. لەم قسانەدا بوین لە نەخۆشخانەوە تەلەفۆنیان بۆ کرد وتیان عەزیەت مەکێشە شکاندمان.



## عەینەن یەك



**٢٠١٠**

١_ کەرکوک و مادەی ١٤٠ وەک خۆی مایەوە.
٢_ سەرژمێری هاوڵاتییان تەئجیل کرا.
٣_ کارەبامان پێ چاک نەکرا.
٤_ کێشەی پێشمەرگە جارێ لێبگێڕێ.
٥_ سەری سیستمی خوێندنمان پاک پاک تاشی.
٦_ هەموو شتێک میزاج دەیبرد بەڕێوە.
٧_ بودجەی هەرێم بەرەو چارەسەر دەچو.

**٢٠١١**

١_ بە ١٤٠ساڵی تر جێ بەجێ ناکرێ.
٢_ منیش تەسلیمی ٢٠١٢ ی ئەکەم.
٣_ ئاخری ئیشە قورسەکانت بۆ من جێهێشت.
٤_ بەسەرچاو منیش مۆمیای دەکەم.
٥_ ئێمەش پاک پاک عیلاجی ئەکەین.
٦_ حەتمەن ئەو عورفە جوانە تێکنادەین.
٧_ خوا ئەو کەسە بگرێ وەزعەکەی شێواند.

NAMO

ڕۆستەم زادە
(نامـــــــۆ)

تایبەت بە گەپ
دەینێرێ






## نوکتەی سەفەری

* کورێک چوو بۆ داخوازی کچێک، باوکی کچەکە داوای دەملیۆنی دەکرد، کورەکەش ووتی: بۆ کاکە چی بووە، دەملیۆن من دانەیەک شک ئەبەم زۆر هەرزانترو جوانتریشە، سکیشی هەیە!

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### (باران بارین و نە بارین)

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

هەرچەندە باران نیعمەتێکی گەورەیە بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە بارین و نە بارینی وەکو یەک وایە، لەوانەشە نەبارینەکەی سـودی زیاتربێ بۆ سیاسەتمەداران، چونکینێ لەعانی سەفەرکردن و عەیب نەبێ سواربونی عەلیکۆفتەردا باشتروایە کەش و هەوا ساف و بێ چەخماخەبێ..

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

باران یەکێکە لە بەرەکەتەکانی ئاسمان و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بارین و نە بارینی زۆر خەتەرە، چونکێکم ئەم میللەتە وا فێربوون ئەگەر نەباری دەست دەکەن بە شیوەن و گریان و پاڕانەوەو نوێژە بارانە، وە ئەگەر بیشباری دەیکەنە خەتای حکومەت، یەکێ دەڵێ: لافاو هاتە ماڵەکەم، یەکێ دەڵێ: مەجرامان تەقیوە، یەکێ دەڵێ: گو بەم وەزعە.

## (هەر لۆ فشەی)

### شێڤە فشە

نیورانە بوو هەرلۆفشەی تەماشای ناو بەرکی خۆم کرد، بەس (١) هەزاری (قاوەیی) تێدابوو.. گەزەکم دەعواکرد، کابرا دەستی کرد بە قسەکردن: ئاخرزەمانە، ئاخیر لۆیێ پشکی لێ نایێ.. تەماشا ئەو هەموو رووتی و قووتی و بێ ئەخلاقییەی وەلا چاکە (هەرلۆ فشەی تەپشوو ساتۆرو تەورداس) ناباری!! کابرایەک بتلەک ئاوی خواردبووە (٥٠٠) دیناری لێ داواکرد، کابرا گۆتی: لۆچ بووە؟ بتلەک ئاو بە (٥٠٠)دیناری!، کابرا گۆتی: ئەوهایە رازی نیت مەیخۆوە.

کابرا رووی لەمن کردوو هەرلۆفشەی گۆتی: هەموو لەقسان هەنکی مەلایەکی دەزانین و عەمەلیشمان نییە.. تازە بە تەمای باران و ماران مەبن دەبەو خوایەی هەتا ئەمە هەندە قۆلبڕو بێ ویژدان بین هەرلۆفشەی پشکی لێ نایێ!!





### تەحلیلی ئابووری:

باران بارین شتێکی زۆر باش و خۆش و تەرو خرمە ئامێزە، وە لەرووی ئابوورییەوە حکومەت بزکەی سمێلی دێ چونکە هەندێ مەسروفاتی لابەلای بۆ دەگەڕێتەوە وەک سەرف نەکردنی بانزین بۆ ئەو سەیارە تیمساحانەی کە لەکاتی دەوامدا بە تەنکەر بەنزین دەخۆن و دوای دەوامیش دەچن بۆ گەشت و گوزار..

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە ڕۆژێکی وەکو پارداو لەبەرواری نۆزدەی بیستی ساڵی چەلەق و فەلەقی هاو سنوریدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دروستکردنی یەک دانە شاری یاری لە پێنجوین، بەڵام سەیر لەوەدایە بلیتی یارییەکان بە زمانی فارسی نوسراون و کڕینی بلیتەکانیش بە تومەنی ئێرانیە!!

٢- لە شەوێکی نیوەڕۆداو لە ڕێکەوتی بیست و شەشی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی دوو هەزارو عەولەمەی نیاندەرتاڵیداو لە نەخۆشخانەی چاوەکە لەشاری سلێمانی و لەعانی گەرمەی نەشتەرگەریی و هەڵکۆڵینی چاوی نەخۆشێکدا کارەبا بڕاو دکتۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕوناکی سودیان لە مۆبایلەکانیان وەرگرت!!

٣- لە ڕۆژێکی تری وەک ئیمڕۆداو لە بەرواری دوانزەی ڕەبیعول پێنجەمی ساڵی وشکە لافاویدا کۆمپانیای ئاسیاسێڵ هەردوو پێی لە بەشداربووەکانی کردە تاکێ کەوش، بۆ ئەوەی فۆرمەکان بکەن بەناوی خۆیانەوەو دیاری وەردەگرن، کەچی هەرکەس دەچوە لایان، پێیان دەگوت: ببورە دیارییەکە شمولی تۆ ناکا..!




## تیاترۆ

**عوسە سویچ**

یەکەم/ تەق تەق تەق تەق
دووەم/ دەرگاکە مەشکێنە عەمر کورت.. واهاتم!
یەکەم/ سندان بیکەوە هەتیوو.
دووەم/ بابانوئێڵی؟
یەکەم/ بابا ترحێو کێیە؟
دووەم/ کابرای سەری ساڵ؟
یەکەم/ ناوەڵا کابرای سەری مانگم
دووەم/ باوکم لەماڵ نییە، ووتی: دەرگا بۆ کەس مەکەوە
یەکەم/ خۆ ماڵتان بانکی مەرکەزی نییە؟
دووەم/ تۆ کێی مامە جوتیاری؟
یەکەم/ نا... مامە فەلاحم بیکەوە.
دووەم/ بڕوا ناکەم ئەویش بێ نایکەمەوە.
یەکەم/ بیکەرەوە دیاریم بۆ هێناون.
دووەم/ بەخوا بابا نوئێلی فەرموو وەرە ژورەوە.
یەکەم/ ئۆخەیش ئەو وەسڵە بگرە بەدیاری بێنە کرێی مۆلیدە!
دووەم/ بابەگیان ڕاکە ساحێب مۆلیدە هات....!

